چیرۆکی وەرگێڕدراو

و: شێرزاد محەمەد ئامێدی



# لیزا و نامەی بزربوو

ئەگەر تاکو ئێستا سەفەری لەندەنێت کردبێت، لەوانەیە جەژنێکت لە جەژنەکانی بنەماڵەی سەڵتەنەتیی دیتبێت وەک جەژنی هاوسەرگیری. لەم جەژنانەدا ناچاریت لە نێوان ئاپۆرایەکی زۆر تێپەر بی بۆ ئەوەی بتوانی ساتێک چاوت بەو بنەماڵەیە بکەوێت.

بەڵام لەو کاتەی کە بنەماڵەی سەڵتەنەتی لە هاوینەهەواری خۆیان لە «بالمورال کاستێل» دەژین. ئەم کۆشکە کەوتووەتە بڵندایییەکی سەر زەوی ئیسکۆتلەندا لەو کاتانەدا دەبینی کە ئەم بنەماڵەیە سواری گالیسکەکانیان دەبن و لە ناو شار دەسوڕێنەوە ژمارەیەکی کەم لە پاساوانەکانیان بەجلوبەرگی سور و سپی و ڕەش دەوریان گرتوون.

هەموو هەفتەیە یەکشەممە کاتژمێر ٩ی بەیانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی لە پێش ماڵی "لیزا هیگز" تێ دەپەڕن بەرەو کلێسە دەڕۆن و هەمیشە لیزا لە پێش ماڵی خۆیان لە قەراغ شەقام چاوەڕوانی هاتنیان دەکات و ئالایەکی بچووکی بریتانیایی بەدەستەوەیە بۆ بەخێرهێنان و سڵاوکردن. چونکە یەکەمین جارە کە لیزا ئەم گالیسکەیەی شازادە مارگرێتی بینیبوو و وەڵامی سڵاوی دابووەوە و دەستی بۆ بڵند کردبوو.

هەربۆیەش لیزا لە هەموو بەیانییەکانی یەکشەممە بەگەرما و سەرما و بارانیش چاوەڕوانی هاتنی گالیسکەی شازادەی دەکرد.

لە ڕۆژێکی مانگی گەلاوێژ بەیانی یەک شەممە کە گالیسکەی شازادە بەرەو لیزا دەهات هەستی کرد کە شاهزادە مارگرێت خەریکی خوێندنەوەی نامەیەکە، لە ناکاو نامەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە. بەدەنگێکی بڵند گالیسکەی ڕاگرت و پاسەوانەکان لە ئەسپەکانیان هاتنە خوارەوە دەستیان کرد بەگەڕان، لیزا دیتی کە با نامەکەی برد بۆ کۆڵانێکی تەنگ و باریک سەرەڕای ئەوەی کە شازادە زۆر نیگەران بوو گوایە نەی دەتوانی زیاتر دوابکەوێت بۆیە ئەمری بەڕۆیشتن کرد زۆر بەخێرایی بەرەو خوارەوەی شەقامەکە ڕۆیشتن.

لیزا ئەوەندە چاوەڕوانی کرد تاکو گالیسکەکە و پاسەوانەکان دورکەوتنەوە ئینجا زۆر بەهۆشیاری بەرەو ئەو شوێنەی کە نامەکەی لێ ون بووبوو ڕۆیشت. لەو دەوروبەرە کە کەس دیار نەبوو چونکە زۆربەی خەڵک خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوون و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتن بۆ کڵێسا لیزا کە دیتبووی نامەکە کەوتووەتە کوێ بەڕاکردن بۆ ئەو شوێنە ڕۆیی نامەکەی لە پشت سەتڵێکی زبڵ دییەوە کە لەسەر کاغەزێکی باش بەدەست نووسرا بوو (مۆری) شای فەرانسەی لەسەر بوو، لیزا نامەکەی زۆر بەوریایی نوشتاندەوە

و خستییه ناو گیرفانی.

زۆر بەئارامی بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوت هەوڵی دا کە خۆی کۆنترۆڵ بکات، لیزا دۆزینەوەی نامەکەی لەگەڵ کەس باس نەکرد. کە خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوو. بیری دەکردەوە کە دەبێ چی بکات. ئەگەر ئەو لە جیاتی شاهزادە بوایە بەدڵنیاییەوە پێ خۆشحاڵ دەبوو بێ ئەوەی کە کەس نامەکەی بخوێنێتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ دەستی خۆی و، ناوەڕۆکەکەشی وەکو نهێنییەک پارێزرابا، ئەو ڕۆژەش لە کیلسا قسەکانی قەشە لە بارەی ئەمانەت وای لێ کرد هەوڵ بدات بەزووترین کات نامەکە بگەیەنێتە خاوەنەکەی. بۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی مەڕاسیمی کلیسا لیزا داوای لە دایک و باوکی کرد کە دەیەوێت تاکو کۆشکی هاوینە هەوار پیاسەیەک بکات و ئاووهەوایەک تازە بکاتەوە.

لە بەر دەرگای کۆشک پاسەوانێک وەستابوو. پاسەوانەکە کڵاوێکی ڕەشی درێژی پەشمی لەسەر بوو وەک پەیکەرێک وەستا بوو، لیزا وتی ببوورە دەمەوێت شاهزادە مارگرێت ببینم. پاسەوانەکە زۆر بێ ئەدەبانە و بەتوندی وەڵامی دایەوە وتی مۆڵەتەکەت کوا؟ مۆڵەت نییە، پاسەوان بێ ئەوەی بجوڵێتەوە وتی بەداخەوە کەس بەبێ مۆڵەت ناتوانێت لەم دەرگایە بچێتە ژوورەوە. جگە لە لێو و زاری هیچ بەشێکی تری نەجوڵایەوە. لیزا بەپێداگرییەوە وتی تۆ نازانی من شتێکم دۆزیوەتەوە کە هی شازادەیە من دڵنیام شازادە پێویستی پێیەتی. پاسەوانەکە وتی تۆش دەتەوێ ئەو کارە بکەیت کە خەڵاتێکی باشت بەدەست بکەوێت. لیزا وتی نە من تەنیا دەمەوێ ئەو شتەی کە هی شازادەیە بگەڕێنمەوە بۆی جارێکی تر پاسەوان بێ ئەوەی کە هەر تەماشای لیزاش بکات وتی بڕۆ هەر کاتێک مۆڵەتت هەبوو بگەڕێوە.

لیزا کە لەو هەموو دواکەوتنە بێزار بوو وتی: چۆن دەتوانم مۆڵەت وەربگرم؟ پاسەوان وەڵامی دایەوە وتی من خۆشحاڵ دەبم ئەو کارەت بۆ بکەم بەڵام بەشەرتێک نیوەی خەڵاتەکەت بدەی بەمن.

لیزا سەری لێ شیوا بوو وتی ڕاست دەکەی؟

پاسەوان بەبێ ئەوەی چاو لە لیزا بکات و بەبێ تاقەتی وتی بڕۆ بەخێر چی لیزا لە جێی خۆی نەجوڵایەوە لەو هەموو تەماعەی پاسەوان زۆر تووڕە بووبوو بەڵام هیچ کاتێک بیری لە خەڵات نەکردبووەوە.

کـە باش بیـری کـردەوە وتـی لە وانەیە بتـوانم نیـوەی خـەڵاتەکـەت پێ بدەم، پاسـەوان زەردەخـەنـەیەکی کرد و پارچـە کـاغـەزێکی لە گیـرفـانی دەرهێنا و واژوویەکی لەسـەر کرد هـەروا کـە دەرگـای دەکردەوە لیزای بۆ ژوورەوە بەڕێ کـرد، وتی لە بیـرت نـەچـێ بەهـای ئەو مۆڵەتە نیوەی خەڵاتی تۆیە.

لیزاش بەگاڵتەوە وتی چۆن دەتوانم ئەو چاکەیەی تۆ لە بیر بکەم.

پاسـەوان کە لیزای بەرەو ژووری چاوەڕوانی دەبرد، لەوێ سکرتێری چاوپێکەوتنەکـان لە پشت مـێـزێکی داری زۆر جـوان دانیـشـتـبـوو زۆر بەبێ تاقـەتی لاپەڕەکـانی ئەو دەفـتـەرە گەورەیەی کە کاتی چاوپێکەوتنەکانی تێدا دەنووسی هەڵ دەدایەوە.

سکرتێـر زۆر بە ناشـیرینی وتی ئەو کچە شـەیتـانە کـێیـە؟ پاسـەوان وەڵامـی دایەوە کـە سـوالکەرێکی تر کـە بەدوای خـەلات هـاتووە دەڵێت شـتـێکی شـازادەی لایە دەیەوێ پێی بداتەوە.

بەداخـەوە کـاتەکـانی بـەتەواوی پڕە ناتوانێت تا چەند هەفـتـەیەکی تر تۆ ببـینێت. بەڵام ئەگەر شتێکم بدەیتێ دەتوانم ئەمانەتەکەی بۆ ببـەم لیزا وتی ئێوە نازانن ئەمە مەسەلەیەکی تایبەتییە دەبێ بۆ خۆم بیدەم بەشازادە.

کـەواتە بڕۆ مـانگی ئەیلـوول وەرە بزانم چ کـارێکت هـەیە. دەتوانم بڕۆ بەخـێـر چی. لیـز بەبێزارییەوە وتی تا ئەو کاتە بەخۆی بۆ کۆشکی باگینهام دەگەڕێتەوە.

لیزا لە جێی خۆی نەجوڵایەوە چاوی لە چاوی سکرتێرەکە بڕی بوو، سکرتێرەکە زانیی لیزا زۆر جدییە و تاکو چاوی بەشازادە نەکەوێت ناڕوات. لیزا وتی بۆ لە شـازادە ناپرسـی کە چیی ون کردووە کە پرسیت دەزانی کە خۆیشی حەز دەکات بەزووترین کات بمبینێت.

سکرتێـر جـارێکی تـر تەمـاشـای دەفـتـەرەکـەی کرد و وتی باشـە ئەو کـارە دەکـەم ئـەگـەر بابەتەکە ئەوەندە گرنگە لەوانەیە بتوانم کارێک بکەم، بەڵام تۆ دەبێ نیوەی خەڵاتەکە بدەی بەمن، لیـزا ڕێگەی گـەیشـتنی بـۆ چوونە ناو کـۆشـک پەیدا کـرد، سـەرەڕای ئـەوەی کـە لە توڕەیی لێوی خـۆی دەگـەزی، بەڵام توانیی خـۆی کـۆنتـرۆڵ بکات و وتی قـەبوڵە. دانیـشـت چاوەڕوانی کـرد پێنج خولەک زیاتری پێ نەچوو کە سکرتێر گـەڕایەوە لە کاتێکدا کە پێ دەکەنی وتی شـازادە دەیەوێ بتبینێ، بەڵام لە بیـرت نەچێ نیوەی خـەڵاتەکە هی منە. لیزا قەولی کرد و وتی من هزر و بیرێکی بەقەدەر ئەو کاتەی کە نامـەکەی ون کـردبوو نیگەرانە.

که شازاده دیتی لیزا هاته ژوورەوەی بەسکرتێرەکەی وت سوپاس تۆ دەتوانی بڕۆی.

سکرتێر کە دەچوو دەرگەکەی لە دوای خۆی پێوەنا دەرگەیەکی زۆر جوان کە لە داری هامون دروست کرا بوو.

شازادە مارگرێت پرسی تۆ کێی؟ لیزا بەحوکمی ڕێزگرتن بەرەو پێشەوە کەمێک خۆی چەماندەوە و زۆر بەئەدەب وتی لیزا هینگز گەورەم.

شازادە بەپەشیمانییەوە لە لیزای پرسی بڵێ بزانم چێت دۆزیوەتەوە، وتی نامەیەک گەورەم ئەو نامەی کە ئەمڕۆ بەیانی لە ڕێگەی کلیسا لێت ون بوو، لیزا دیتی شاهزادە لێی نزیک بووەوە نامەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا.

شازادە نامەکەی لە لیزا وەرگرت و کردیەوە و زەردەخەنەیەک بەسەر لێوەکانی داهات و بەخۆشحاڵی هاواری کرد خوایە سوپاس. دواتر ڕووی کردە لیزا و وتی ئەم نامەیەت خوێندووەتەوە؟ لیزا وتی نەخێر. شازادە هەر چاوی لە لیزا بوو بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئەو تێ بگات کە ڕاست دەکات، یا نە، لیزا وتی من یەک وشەی فەرانسەویش نازانم و بەکەسیشم پیشان نەداوە گەورەم.

شازادە بەخۆشحاڵییەوە وتی سوپاست دەکەم ئەم نامەیە بۆ من زۆر گرنگە ئێستا تۆ بڵێ دەتوانم چیت بۆ بکەم لە بەرانبەر ئەم کارەی تۆ، چ پاداشتێکت دەوێ.

لیزا پێش ئەوەی قسە بکا کەمێک بیری کردەوە و وتی من بۆ خاتری خەڵات یا پاداشت ئەم نامەیەم بۆ جەنابتان نەهێناوە، من ئەو کارەم کردووە کە پێم وایە کەسێکی تر بۆ منی بکردبایە خۆشحاڵ دەبووم. بەڵام چونکە ئێوەی بەڕێز زۆر میهرەبانن پێش ئەوەی داوا کەم بکەم دەکرێت پاسەوان و سکرتێرەکەت بانگ هێشت بکەیت پێم وایە ئەوانیش بزانن من خەڵات دەکەی خۆشحاڵ دەبن.

شازادە لە وەڵامدا وتی بۆ ناکرێت بەدەنگێکی بەرز پاسەوانێکی بانگ کرد و وتی زوو پاسەوانی بەر دەرگە و سکرتێرەکەم بۆ بێنن. بەگەیشتنی ئەوان شازادە جارێکی تر وتی لیزا تۆ بەگەڕاندنەوەی ئەو شتەی من خزمەتێکی گەورەت بەمن کردووە. خەڵات کردن مافی تۆیە، هەرچی داوا بکەی بۆت جێبەجێ دەکەم.

پاسەوان و سکرتێر بەخۆشحاڵی چاوەڕوانی لیزایان دەکرد، لیزا وتی لە سەخاوەت و میهرەبانی جەنابتان زۆر مەمنوونم.

ئەگەر خەلات کردنی من بەپێی داواکارییەکەی من بێت من بەپێداگرییەوە داواتان لێ دەکەم دوو هەفتە بەندم بکەن.

سکرتێر و پاسەوان بەبیستنی داواکارییەکە ترسان و پەریشان حاڵ بوون شازادەش بەتوورەیی وتی لەم داواکارییە تێ ناگەم.

لیزا وتی گەورەم من بۆ خەلات کردن نەهاتبوومە ئێرە بەلام پاسەوانی بەر دەرگە پەیمانی لێ وەرگرتم کە نیوەی خەلاتەکەی پێ بدەم بۆ ئەوەی بتوانم بێمە ناو کۆشک و سکرتێریش داوای نیوەی تری خەلاتەکەی کرد بۆ ئەوەی ئەمرۆ ڕێگەم پێ بدەن بۆ چاوپێکەوتنی بەڕێزتان، بەهەردووکیانیشم وتبوو هاتوومە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شتەی ونتان کردووە.

هیوادارم ئێوەش داواکارییەکەی من قبووڵ بکەن. نیوەی خەلاتەکەم بدەنە پاسەوانی بەر دەرگە و نیوەکەی تریشی بەسکرتێر. بۆ ئەوەی منیش پەیمانەکەم بەجێ بگەیەنم. شازادە وتی من ناتوانم داواکارییەکەت رەت بکەمەوە بۆیە چەند پاسەوانێکی بانگ کرد و وتی ئەم زیندانیانە ببەن. دواتر رووی کردە لیزا و وتی، بەلام تۆ خانمە شۆخ و جوانەکە دوو کاری گەورەی گرینگت بۆ منت جێبەجێ کرد.

بەپێی داواکارییەکەی خۆت پاداشتی یەکەمت پێ درا. بەلام بۆ کارە گرنگەکەی دووەمت واتە بۆ لە ناوبردنی گەندەڵی لەناو کۆشکی پاشایەتی دەمەوێ پاداشتێکی ترت پێ بدەم. هەروا کە لە لیزا نزیکتر دەبووەوە وتی روخسارت بۆم ئاشنایە تۆ هەر ئەو کچە نیت کە بەیانیانی یەکشەممە لە کلیسا دەستم بۆ هەڵ دەهێنی. بەڵێ گەورەم تۆش جارێک دەستت بۆ بەرز کردمەوە.

شازادە وتی باشە لە یەکشەممەی داهاتوو لە جیاتی ئەوەی لە دوورەوە تەماشای من بکەی بەجلێکی جوان لە قەراغ من سواری گالیسکەکە دەبی و دەچین بۆ کلیسا. لیزا بەخۆشحاڵی هاواری کرد بۆ عاشقی ئەو کارەم زۆر خۆشە رۆژی یەکشەممە گەر تۆش لە شاری (ئاری لێن) بوایەت دەتبینی کە لیزا بەجلێکی زۆر جوان لە ئاورێشم و ئەتلەس لە تەنیشت شازادە مارگرێت لە ناو گالیسکەکەی سەڵتەنەتی دانیشتووە خەریکی سلاوکردن و دەست بەرزکردنەوەیە لە ئەو کەسانەی کە هاتبوون بۆ دیتنی لیزا...